مروڤ بەبێ شکستیش هەر نیگەرانە

«چەند سەرنجێک لە بارەی دیوانە شیعری وشەکانیش بریندارن»

سروشت نەوزاد
(سلێمانی)

لە دەستپێکی ئەم نووسینەدا، دەبێت دان بەوەدا بنێم کە کردەی نووسین لە بارەی شیعرەوە، بە بەراورد بە ژانرەکانی دیکەی ئەدەب، کردەیەکی سەخت و دژوارە، هەڵبەت ئەم قسەیە لەنێو کولتوورێکی ڕەخنەیی ئاسایی و باودا کە خاوەنی زەمینەیەکی مێژوویی و زانستی و تیوری نییە، هیچ سەنگ و قورساییەکی نییە، هەرئەوەشە کە تا ئێستاش ڕەخنەی ئەدەبی کوردی، هێشتاش قۆناغی پیاهەڵدان و ڕەتکردنەوەی ناڕەخنەییانەی تێنەپەڕاندووە، بێ گومان پێوەندی بەو کولتوور و قۆناغەوە هەیە کە ڕەخنەی ئەدەبی ئێمەی تێدا دەژی کە کولتوورێکە لە ژینگەیەکی گەلێک داخراو و هەژار و تەنگەبەردا ڕێ دەکات.

هەر بۆیە ڕەخنەی ئەدەبی ئێمە بەشێکی زۆری بووەتە قسەی ئاسایی و بازاڕی و کەمترین جار لەسەر ئەو هێڵە نەریتییە لادەدات کە لە دەرەوەی بەرهەم و دەقە ئەدەبییەکان، بگەڕێتەوە نێو جیهانبینی و تایبەتمەندی نێو دەقەکان و فۆکسی خۆی لەنێو شێواز و پێکهاتەی فۆرمی و زمانی و تەکنیکی ژانرە ئەدەبییەکان جێگیر بکات.

جیهانبینی ڕەخنەیی ئێمە دەربارەی ژانرە ئەدەبییەکان بەگشتی و شیعر بەتایبەتی، جیهانبینییەکی کورت و کەم مەودایە و لە دەرەوەی پێکهاتە و تایبەتمەندییەکانی دەقدا ئیش دەکات.

شیعر بەو پێیەی زیاتر لە هەر ژانرێکی دیکەی ئەدەب سەروکاری لەگەڵ زماندایە، زمانیش ئەو چەمکەیە وەک ئەوەی هایدگەر بە (مالّی بوون)ی دادەنێت، واتە زمان ئەو جێگەیەیە کە مرۆڤ دەتوانێت زات و بوونی خۆی تێدا بدۆزێتەوە و بە هۆیەوە تەعبیر لە بوون و خۆشی و ئازار و مەینەتییەکانی بکات، مرۆڤ لە زماندا دەژی و بوونی ئێمە وەک زمان وایەو قەت ناتوانین شوێنێک کە زمانی تێدا نەبێت، شتەکان هەڵسەنگێنین، واتە ئەوەی ماهییەت و بوون و شوناس دەبەخشێت بە مرۆڤ زمانە و سنووری مرۆڤ تا ئەو شوێنەیە کە زمان پێی دەبەخشێت، کەواتە زمان لای هایدگەر ئەو چەمکە ئالۆزەیە کە لە خۆیدا، هەموو حەقیقەتی بوون هەڵدەگرێت.

دیارە شیعریش پێش هەر شتێک دیاردەیەکی زمانەوانییە و بەکارهێنانی زمان لای شاعیر، بەکارهێنانێکی جیاوازتر لە زمانی باو و ئاساییە، بەکارهێنانێکە پڕە لە لادان و میتافۆڕ و تێکشکاندنی دەستوور و یاسا ڕێزمانییەکان.

بۆیە پێکهاتەی زمانی شیعری، پێکهاتەیەکی ئاڵۆزە و یەکەم ڕووبەڕووبوونەوەی شیعر لەگەڵ زماندایە، وەک ئەوەی شکلۆڤسکی پێی وابوو کە نامۆیی و سەمەرەیی زمانی شاعیرانە، هەر شیعرێک دەکاتە بوونەوەرێکی تەنیا، بۆ ئەم مەبەستەش شێوازە زمانییەکان زۆر بە کەڵکی شاعیر دێن، شیعر بەر لە هەر شتێک، یاریپە لەگەڵ زمان، داهێنانی شاعیران لەو وێنانەدا نییە کە دروستیان دەکەن، بەڵکو لەو زمانەدایە کە بەکاری دێنن، شیعرەکانی شاعیران بەپێی شێوەی دەربڕین، شێوازی ڕستەیی و بەکارهێنانی تایبەتی زمان لێک جیا دەکرێنەوە، گۆڕانی وێنەسازی لە کاملبوونی شیعردا گرنگ نییە، خاڵی گرنگ لە شیعردا، گۆڕان لە بەکارهێنانی زمانە، پاوڵ سیلانی شاعیریش لە جێگەیەکدا، پشتگیری لەوەها بۆچوونێک دەکات: (شیعرنووسین، واتە ڕۆیشتن لەسەر سەر)، کەوایە شیعرنووسین، پێچەوانەکردنەوەی دەرکەوتنە باوەکانی شتەکانە لە ڕێگەی زمانەوە.

دیوانە شیعری (وشەکانیش بریندارن)ی گۆران ڕەئووف، جیا لەوەی کە لە ڕووی زمانی شیعرییەوە، کەمترین پرۆسەی یاریکردن بە زمان و تێکشکاندنی کۆت و ڕێسا واتاییەکانی زمانی باو و لادانیان تێدا بەرجەستەیە، هاوکات یەکێک لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی پێکهاتەی شیعری شیعرەکانی ئەو، خەسڵەتی فۆرمی و زمانییە. جیاکاری فۆرمی و زمانی شیعرەکان، پرۆسەی ئاشنایی و ناسیاوی شیعری لە زەینی وەرگر (خوێنەر)دا دروست دەکات، واتە ئەو حاڵەتەی کە لەگەڵ خوێندنەوەی شیعرەکانی (گۆران ڕەئووف)دا ئاشنایەتییەکی تایبەت بەو شیعرانە لە زەیندا دروست دەبێت. ئەوەش پێوەندی بەو بەکارهێنانە زمانییەوە هەیە کە شاعیر لە شیعرەکانیدا کاری لەسەر کردوون کە بریتین لە هەڵبژاردنی شێوازی تایبەت لە بەکارهێنانی وشە و هەڵبژاردنی جۆری ڕستە و دەربڕینەکان و ڕیتم و شیعرییەت و فەزاسازی.

شیعرەکان بەگشتی لە کۆمەڵە ئیشێکی جیاواز لە ڕووی فۆرم و تەکنیکەوە پێکدێن. لە ئاستی گشتی فۆرم و تەکنیکدا، هەر شیعرێک ئەوی دیکە تەواو ناکات، ئەوەش پێوەندی بە پێکهاتەی خودی و کەسایەتی و سایکۆلۆژیای نێو شیعرەکانەوە هەیە، کە پەرت و پارچە پارچەن و هیچ خودێکیان ئەوی دیکە ناناسێتەوە، بۆیە پێکهاتەی دەرەکی ئەم کتێبە، یەک ئاراستەی نییە و هەڵگری فۆرمی جیاواز جیاوازن، بەڵام لە ئاستی گشتی بەکاربردنی زماندا، شیعرەکان کەمتر دەکەونە نێو پرۆسەی نامۆکردنی زمانەوە. واتە شیعرەکان کەمتر هەڵگری زمان و خەیاڵێکی کۆت شکێن و هەڵگەڕاوەن.

لەمەشدا زیانی گەورە بەر دروستکردنی وێنە شیعرییەکان کەوتوون، دیارە تەقاندنەوەی زمان کە جۆرێکە لە سەنعەتکاری، یەکەم سوودی بەر وێنە شیعرییەکان و مۆسیقا و بنیادی فۆرمە شیعرییەکان دەکەوێت، وێنە شیعرییەکانی نێو دەقەکان لە زۆر جێگادا، وێنەی ئاسایی و کۆنکرێتین، چونکە زمان نەتەقێنراوەتەوە و وشەکان کۆنکرێتی و ڕێکن، هەر بۆیە بنیادی فۆرمی شیعرەکان لە هەندێک دەقدا، بنیادێکی یاخییانە نییەو تەکنیک و فۆرمەکان بزۆک و پەرشوبڵاو نین.

زمانی شیعری لای شاعیر هێندە بەدوای گەیاندنی بیرۆکە و دەربڕینی پەیام و بیرۆکەکانەوەیە، هێندە بە دوای چۆنیەتی فۆرمی گەیاندنەکەوە نییە. فۆرمی شیعریەتی شیعرەکان، یان فۆرمی ناوەکی شیعرەکان، جێگیرەو لەچەقدا وەستاوە و سەنتەری گرتووە، شیعرییەتسازیش لە چەقدایە و یەک ئاراستەیە و چەقیوە، هەموو ئەمانە، بۆ جۆری بەکاربردنی زمانێکی ڕامکراو و کۆنکرێتی دەگەڕێتەوە لەنێو پێکهاتەی دەقەکاندا.

لە ئاستی گشتی دنیابینی و پێکهاتەی ناوەڕۆکی نێو دەقەکاندا، دەقەکان بەگشتی غەمگین و تەریکن، سەر بەو ژینگەیەن کە زەوییان نییە و سنوور ناناسن، خودی نێو شیعرەکان، خودێکی پەرت و نائارامە، خودێکە بەنێو دێڕەکاندا دەگەڕێت، بریندارەو لەنێو وشەکاندا خوێنی لەبەر دەڕوات.

ناوونیشانی کتێبەکە بیری گشتی ناوەرۆکی شیعرەکانی نێو کتێبەکەی تێدا چڕبووەتەوە، واتە ناوونیشانەکە دەرهاویشتەی نەستیی کۆی جیهانبینی و فەزای شیعری نێو شیعرەکانە، خودی پارچە پارچەو پەرتی نێو شیعرەکان، لە وشەکانیشدا نائارام و بریندارن.

شیعری (سەدەکانی قۆپاندن) هەڵگری تێمایەکە لەبارەی ئێش و ئازار و دەردەسەرییەکانی ژیانەوە، شیعرەکە بەگشتی گوزارشتکەری ژیانی دنیای مۆدێرنە. درز و کەلێن و نەخۆشی و ئازار و مەینەتی ژیانی نێو کەپیتالیزم وێناکراوە و پارچە پارچەبوون و کەرتبوونی کەسایەتی و مرۆڤ و مرۆڤبوون چەقی بابەتی نێو شیعرەکەن:

ئەم سەدەیە
چی پێبوو بۆ من
جگە لە بێدەنگ کردنم و
هەڵگرتنی وەسوەسەکانم
بۆ کۆتایی دنیا
ئەم سەدەیە
چی بە من بەخشی؟
جگە لە دووبارەبوونەوەی
یەک ڕۆژ
لە هەموو ڕۆژەکاندا
ئەم سەدەیە
کوشتنی جیاوازییەکان بوو بۆ گەمژەیی
تێکدانی هەموو تەلارەکانی ڕوح بوو
بە سەودایەکی زۆر کەم
کەسێک نییە
پرسیارە گەورەکان بکات
هەست دەکەم لێرەوەیە کۆتایی ژیان
لێرەوەیە مردنی چاخی زێڕینی زەوی

ئەم دەقە مانیفێستی نائومێدییە، هەڵچوون و دەربازبوون، هیچ مومکین و ئەگەرێکی نییە، جگە لە بێدەنگبوون و هەڵگرتنی وەسوەسەکانمان بۆ کۆتایی دنیا، ئەم دەقە غەریب و غەمگین دەدوێت و پۆشاکی گۆشەگیری و دژایەتیکردنی جیهانی نوێی پۆشیوە، ئەو ئارامییەی کە هەمووان لە باوەشیان گرتووە و ژیانی نوێی تێدا دەژی، لە دیدگای ئەم دەقەوە، ئارامییەکی ساختە و ڕووکەش و لەرزۆکە. دنیای مۆدێرن بەرهەمهێنەری ئەو فەزا و واقیعە بۆش و فشۆڵەیە کە هەست و ژیری جیهانی مرۆڤ و مرۆڤبوونی بەنج کردووە.

جیاوازی من لەگەڵ دەوروبەردا
ئەوەیە
ناتوانم گوێ نەدەم
بەم هەموو ترۆماتە
من بەردەوام هەستدەکەم
هێندەی ژمارەی ئەستێرەکان
غەریبم بەم سەدەیە
گشت ساتەکان، تەواوی چرکەکان
ناتوانم وا هەست نەکەم
"دەبوو هەر ژیانم لە سەردەمێکی
تردا بووایە"

وردەکاری زمان و تەکنیک لە دەقی (بە ژیان بڵێن: با ئیتر سڵاو نەکات) ڕیتمێکی مۆسیقایی غەمگینی دروست کردووە، ئاوێتەی هەمان ئەو فەزا غەمگینە پڕ لە یادەوەرییە دەبێت، کە وەک تەمێک بەسەر کۆی دەقەکەدا نیشتووە، ترس و گومان و شکست لە بۆتەی تەکنیکێکی ئاڵۆز و پەرشدا، تێمای سەرەکی دەقەکەن.

ئەم دەقە هەڵگری تێمایەکی قووڵ و فەلسەفییە لەبارەی ژیان و بوون و تراژیدیای بوونی مرۆڤدا، خوێنەر لەگەڵ ئەم دەقەدا، دەگەڕێتەوە سەر جەوهەری ڕاستەقینەی بوونی خۆی و لەگەڵ تراژیدیای بوونی خۆیدا ڕووبەڕوو دەبێتەوە، دیارە تراژیدیا مەبەست لەو خەسڵەتە جەوهەرییەی بوونە کە بەدرێژایی ژیان لەگەڵ گومان و ئێش و ئازارەکاندا ڕێ دەکات.

هەر بۆیە کەشێکی دەروونی نائارام بالّی بەسەر فەزای گشتی دەقەکەدا کێشاوە. کەشێکە تژی لە ترس و گومان و شکست.

کێشەی من ئەوەیە
بەردەوام لە ژیان ترساوم
ڕەنگە بەتەنیا ئەم دێڕە نەبێتە بابەت
بەڵام گرفتەکە لێرەدایە
هەمیشە پشتەوەی دێڕەکان
بابەتی ڕاستەقینە بوون
وەک چۆن
ژیان سڵاوی لە من نەکرد
لە کاتێکدا من دەمزانی
کە هەموو سڵاوەکان
هێمای دۆستایەتین
بەڵام کێ دەزانێ
لە پشتەوەی سڵاوەکانەوە
چی دەگوزەرێ؟

شیعرەکانی گۆران ڕەئووف، لە فەزا و ژینگەیەکی تەنگ و ژەهراویدا دەژین، نامۆبوون و نائومێدی شوناسی شیعری ئەون، هەمیشە پرسی بێهوودەیی و ئەزموونی مایەپووچی، وەک موفرەدەیەکی کاڵ و هەندێک جار زەق، لەپاڵ پرسگەلی دیکەدا، لەنێو شیعری (گۆران ڕەئووف)دا ئامادەن. بەشێک لەو نامۆبوون و تەنیاکەوتنەش، زادەی بچڕانی پێوەندی ئەون بەدیاردە

سروشتییەکانی بوونەوە.

واقیع وەک دیاردەیەکی سروشتی و تێک نەدراو، گرێانەیەکی بۆش و بەتاڵە، دەروون و سایکۆلۆژیای پەرت و هەڵوەشاوەی نێو شیعرەکان، گوزارشتکەری ئەو واقیعە زبرەن، کە هەناوی بوونیان تەنیوەو ژیان و دەرکەوتە نوێیەکانی مۆدێرنەش، تا بێت زیاتر مرۆڤ لە خۆی و دەوروبەر و سروشتی خۆی دادەبڕن و ڕوح و دەروونی مرۆڤ بەرەو کەرتبوون و داخوران دەبەن:

پرسارێک لەناخمدا گینگڵ دەدات
هەموو لۆژیکەکان دێنێتە لەرزە
ژیانکردن لەپێناوی چیدا
وەڵامی ئەم پرسیارە عەجوولەم
هەر ئەمەیە کە زیندووم و
چاوەڕێم مەرگ بێتە پەیڤین
دانیشتن لەگەڵ ئازیزەکاندا
بۆ ماوەیەکی درێژ
کەچی هەر بێدەنگین و
تاقەتمان نییە
سەیری چاوەکانی یەکتر بکەین
ئەمەیە
بەرهەمی مرۆڤی نوێ

شۆڕشی پیشەسازی و دەرکەوتەی تەکنۆلۆژیا نوێیەکانی، لە ڕووی ژیانەوە، دۆخێکی تازەی کۆمەڵایەتی بۆ مرۆڤەکان خوڵقاند، تێیدا هەست بە ئامێربوون و دامالێنی خۆیان بکەن لە هەموو خەسڵەتێکی ڕوحی و دەروونی، لە دەرئەنجامی کارکردنی بەردەوام و سەرقاڵبوون بەلایەنی مادەی ژیانەوە، ئیدی مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی لاواز و گۆشەگیر و بێ ئیرادە دەردەکەوێت کە هەست دەکات تەنیا وەک ئامێرێک لە ژیاندا بوونی هەیە، مرۆڤ لەم فەزا تازەیەی ژیاندا، دەرفەتی گەڕانەوە بۆ نێو خۆی و خەون و خولیاکانی لەکیس دەچێت، غەریبی و دابڕان دەبێتە ڕەهەندێکی کوشندەی ڕوحی و سەودا و بەر یەککەوتنە کۆمەڵایەتییەکانی مرۆڤ، ڕەهەندێکی ڕووکەش و کاڵ و درۆزنانە وەردەگرێت، لەنێو ڕوحی مۆدێرنێتەدا ڕوحی ژیاندۆستی هەرەس دێنێت و هەمووان لەیەک جۆر پۆشاک و خەون و خولیای کاتی و تێژتێپەڕدا دەژین.

زەمەنی خۆم چی تێدایە
جگە لە نائومێدییەکی کرچوکاڵ؟
لێرەدا ئینسانەکان
هەموویان لەیەک دەچن
هەمووان پێکەوە یاخین
هەمووان پێکەوە وەڕسن
وا دەزانم ئیدی
کاری شاعیرەکان تەواو بووە
ئەی مەگەر شاعیرەکان
لە هەوڵی یاخیبوون دا نین؟

بۆ دەربازبوون و خۆ قوتارکردن لەو نامۆبوون و تەنیایی و نائومێدیانە، شاعیر پەنا دەباتە بەر نۆستالۆژیا و گەڕانەوە بۆ نێو یادەوەرییەکانی منداڵی و خۆزگەی گەڕانەوە بەرەو جیهانی پاکی منداڵی و یادەوەرییەکانی دەخوازێت، بەڵام ئایا فریادڕەسی شکست و ئازار و بێهودەییەکانی ژیان لەنێو کامە وەهمدان؟ بێ گومان جیهان قەدەرێکی تاڵی نوشوستییە و شیعریش لای شاعیر جگە لە وەهمێک بۆ هەڵهاتن، شتێکی دیکە نییە (بۆنی تەڕبوونی خاک یانی چی؟ تێدەگەم: مرۆڤ بەردەوام لە ژیان هەڵدێت)

مرۆڤ مەحکومە بە مانەوەو ئازارە لەبن نەهاتووەکانی ژیان، چارەنووسە تاڵەکانی مرۆڤن.

من ڕقم لە ئازادی دەرەوەی
ژیانەکەی جارانە
من دەمەوێت
لە ژیانەکەی جارانەوە
دووبارە بژیەوە
من دەمەوێت
لە پەنجەرەیەکی ژیانەکەی
جارانەوە
ژیان ببینم
من دەمەوێت
کۆیلەی ژیانەکەی جاران بم
بۆنی تەڕبوونی خاک یانی چی؟
تێدەگەم:
مرۆڤ بەردەوام لە ژیان هەڵدێت!

سەرنج:

ناوونیشانی بابەتەکە دێڕە شیعرێکی نێو دیوانەکەیە.